# رۆژی حـــــــــــــــــــــــــــــەشر



**قوبادی جەلی زادە**

تفەنگێکم بە تاریکییەوە نەناوە .

بە مێروولەیەکی موزعجم نە گوتووە ، بە لاقمدا هەڵمەگەڕێ .

پێش باران بە وەرزێك ، بەسەر تەرمی گەلای رژاوەوە ، گێڕاومە گەرمە شین .

گوێم لە زریکەی ژنێ بووبێت ، دووپشك ، بەسەری دڵییەوەی داوم !

بەردێك لە چۆلەکەیەك گیرا بێت ، من کەللە سەری خۆم داوەتە بەر .

دڵم نەهاتوە سبەینەیەك ، بەنێو گژوگیای تەڕوو پاراوا ، قەدەمێك لێ بدەم ،

ترساوم نەبادا ،

ئەنگوستە شووشەییەکانی شەونم ، وردو خاش بکەم .

دەستم بۆ سینگی ژنێك نەبردووە ،

گەر گۆی مەمکەکانی، دەنووکی لە ناو لەپی نەدابم .

بەسەر شەختەو بەستەڵەکدا ، خزیوم .. هەردو دەستم شکاون ،

بەلاَم جنێوێکم نەداوە بە زستان .

باز، بەسەر شانی خەڵکی بوودەڵەوە نیشتۆتەوە ، کەچی بە بازێکم نەگوتوە :

دەك پەڕووباڵت هەڵوەرێن !

فرمسێکم بە چاوی پەپوولەیەکەوە دیبێت ، ئاسوودەییم ، داوەتە بەر

قرمژنی فیشەك .

دڵم پڕ سۆزترە ، لە لەسەردوولکەی* عیشق

مێزی داوەریم سپی ترە لە باڵەفڕکەی بەفر .

ئەو دەمەی دێمە بەر دەمت

ئەی خودا :

بن باڵم خاڵییە لە (( کتێب )) .

پریاسکەم (( مسقاله زەڕڕەیەك )) تاعەتی تیا نییە !

لە شەوی (( لیله القدرا )) ، لە دەمەو مەغریبەوە ،

چاوەکانم بڕیوەتە نووری مەی !!

نەچوومەتە کۆڕی زیکر ، تا ردێنی خوێناوی دەروێش ، دەفێکی شەهید ببینم .

دوور بە دوور نەبێت ، مزگەوت و منارەم نەدیتوە ! !

پەڕەی مەصحەفێکی عوسمانم هەڵنەداوەتەوە .

ماچ نەیهێشتووە ، (( رۆژو )) وێك بگرم و

بەدەم فتارکردنەوەیەکەوە بلێم :

(( اللهم لك صمت
وبك امنت
و على رزقك افطرت
و لصوم غد نويت ))

———————————

سەردوولکە : لاوانەوەی مردوو بە دەنگی ژن .